رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:16 8-11-2007

## هەرگیز هێزی ئاسایشم خۆش نەویستووە.... بەڵام!!! سەهین نوعمان موفتی

Sahen_darush@yahoo. com

بڕوایتان هەبێت ئەوەتەی من فام دەکەم و دوا بەدوای بە ئاوات گەیشتنی گەلی ستەملێکراوی کوردو



بزاڤی ڕزگاریخوازی، لە دەسەڵاتی فاشیستی بەغداد کە کورد لە کیانێکی سەربەخۆو ئەوتۆدا دەسەڵاتی گرتە دەست دواتر دەستی بە ساز کردنی پەرلەمان و حکومەت و زۆر شتی تر کرد یەکێك لەوانە ڕێکخستن و ساز کردنی هێزی ئاسایش بوو بەڵام من ئەوەتەی فام بەو هێزە دەکەم و ناویم بیستووە هەرگیز لە ژیانمدا خۆشم نەویستووە، تەنانەت ئەگەر یەکێك باسی ئەو ووشەیەو هێزەی لەلام کردبی بەو پەڕی ناشرینییەوە لە قەڵەمم داوە و دایمەن دژایەتیم کردوون، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی ڕەوشت زۆر کەم و کوڕیان هەبووەو نەخاسمە تەنها خودی من بەڵکو زۆرینەی هەڤاڵانم و خەڵکی تری شارو شارۆچکەکانی کوردستان لێیان بەگلەیی بوون، بەڵام لە نووسینەکەمدا دەمەوێ ئەوە بخەمە بەردیدەی خوێنەران کە هەموو لایەك لەو هێزە بەو جۆرە نین کە ئێمەمانان بیریان لێدەکەینەوەو ئەوەتا بەچاوی خۆم کە هەمیشە لەهەر کۆنفراس و هەر کۆرو سیمیینیارێك و کۆبوونەوەیەکدا خۆم بە گەل زانیوە، بینیم کە ئەو هێزەش خەڵکی بە ئەمەك و بەوەفاو زوڵملێکراوو خێر لەخۆنەدیوو نەتەوە و کۆمەڵگە پەرستی تێدایە یەکێك لەوانە نەقیب (مشیر جەمیل ئەحمەد سیانی) یە، دوبارە دەڵێم باوەڕبکەن من هەرگیز ئەو هێزەم خۆش نەویستووە کە ئاسایشی ناوە بەڵام ئەوەتەی ئەو ڕۆژەی بە خزمەتی ئەو خاك پەرستە کەوتم کە لەسەرەوە ناویم هێناوە، دەتوانم بڵێم بیرم لە خۆشەویستی بەرامبەر بەو هێزە کردەوەو ناشتوانم هەرگیز لەیادی بکەم و تەنانەت نیقاشی ئەوەشم لەگەڵ کرد، ووتم تۆ زۆر جیاوازیت هەیە لەگەڵ برادەرانت لە هەموو بنکەو بارەگاکانت، کەچی ئەو بە سنگ و دڵێکی فراوانەوە وەرامی منی دایەوەو ووتی:

منیش کوڕی ئەو خاکەم و کوڕی ئەو گەلە ستەمدیدەو ئەو نەهامەتی و خێر لەخۆنەدیوەم

ئیتر من لەوە گەیشتم کە تا چەند لە ڕێبازی حیزب و بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەو سەردەمە گەیشتووە، بۆیە دەڵێم لەمەولا ئەگەر ئەو هێزەم خۆش بوێت و ڕێزیان لێبگرم بە خاتری کاکە نەقیب (مشیر جەمیل ئەحمەد سیانی) ە تەنها، نەوەکو کەسی تر...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.